# چۆن لەگەڵ ئەمریکادا دژی ئەمریکا بیربکەینەوە؟

نەبەز گۆران

شەمەندەفەرێکی ئەمریکی لەشاری قاهیرەوە گەنجێکی خێڵەکی ناو دەوارەکانی عێراقی سوارکردو هێنای کردیە سەرکردەی دەوڵەتی عێراق, ئەوگەنجەش ناوی سەدام بوو, سەدام منداڵێکی بێ ڕەچەڵەكو توندوتیژبوو, هەرگیز نەیتوانی لای دۆستو کەسە نزیکەکانی ببێتە جێگەی سەرنج, بەم هەموو بیماریو تێکشکانەوە بەرەو زانکۆکانی میسر سەفەری کرد, لەوێش خوێندنی پێ تەواو نەکراو گەڕایەوە عێراق, پاش دروست بوونی حزبی بەعس تاقەشوێنێك ئەم گەنجە توندوتیژەی لەخۆی گرت حزبی بەعسی عەرەبی بوو, قوتابیەکی گوێڕایەڵی حزب بوو, ئەو حزبەی زەڕورەتی سیاسەتی ئەمریکاو بەریتانیای ئەوسا دروستیان کردو پاشان لەکۆتایدا بویە گردێکی مەترسیدار بۆهەنگاوەکانی ئەم دوو زلهێزە سەرمایە دارە, کاتێك بەلۆژیکی ئەمریکا دەبوایە عێراق گۆڕانکاری تێدابکرێت, باشترین کەسێك بۆ ئەمریکای ئەو سەردەمە هێنانی سەدام بوو بۆسەر کورسی دەسەلاّتی عێراق, لەو شوێنەشدا سەدام بویە مەترسیەکی گەورە بۆ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا ئیدی ئەو شەمەندنەفەرە ئەمریکیەی سەدامی هێنابویە سەرکورسی دەسەلاّت وێزگەکەی خۆی کەعێراقە بەجێ هێشتو لەبری ئەو زرێپۆشی مارێنزەکان هاتن تائەو پەیکەرەی سەدام بروخێنن کە بەدەستی خۆیان دروستیان کردبوو, واتە لەگەڵ نەمانی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەعێراق, نەمانی دەسەلاّتی سەدامیش دەستی پێکرد.

لەم ڕۆژەشدا کەئەمریکا وەك هێزێکی داگیرکەر لەناو گۆڕەپانی سیاسی عێراقدا تەڕاتێن دەکات و جارێکی تر عێراقی گەڕاندەوە بۆ ژێر دەسەلاّتی خۆی ناچارە پرۆژەیەك بخاتە بەردەم خۆی شەرعیەت بەگەڕانەوەی دەسەلاّتی عێراق بدات بۆسونەکان, بەپێی ئەو ئەزمونەی ئەمریکا هەیەتی لەعێراقدا سونەکان باشترین لەو هێزانەی ناو عێراق کە دەتوانن بەهۆی توندوتیژیانەوە وە بەهۆی موتیع بونیانەوە بۆئەمریکا گۆڕەپانی عێراق کۆنترۆڵ بکەنەوەو تاسنورێکی دوور بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بپارێزن.

ڕاپۆرتەکەی بیکەر گەڕانەوەی سونەکانە بۆسەر دەسەلاّتی عێراق, بەلای سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکاوە گرنگ نیە گۆڕەپانی عێراق چەند ئینسانی لێدەبێتە قوربانی, چونکە لەسەردەمی دەسەلاّتی عێراقدا واتە لەسەردەمی بەعسدا تائەوشوێنەی سەدام گوێڕایەڵی سیاسەتی ئەمریکا بو دەیتوانی بۆلەناوبردنی کوردو شیعەو نەیارەکانی خۆی هەر ڕێگەیەك بگرێتەبەر کەپێی خۆشبێتو نەبێتە جێگەی نارەزایەتی ولاّتانی زلهێز, لەبەرئەوەی هەمیشە لەپشت هەرهەنگاوێکی بەعسەوە هەیبەتێك هەبو بۆپاڵپشتی کردنی پرۆژەکانی بەعس کەئەو هەیبەتەش ئەمریکا بوو.

بەلاْم ئەم حالەی  کە ئێستا عێراقی تێدادەژیت جارێکی تر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکای ناچارکرد بیرکردنەوەیەکی ناتەندروست بهێنێتەوە کایە کە پێویستی بەدروست کردنەوەی هێزێکی توندی سونەکانە تابتوانن ئەم شلەژاویەی کەئەمریکا  لەڕێگەی هەلەکانی خۆیەوە خوستویانەتە ناوعێراق چارەسەربکات, سونەکانیش بۆگەڕاندنەوەی دەسەلاتی لەدەست چوی ڕابردوی خۆیان لەعێراقدا دەبێت شەڕێکی بەردەوام بکەن دژی شیعەو کورد تاکو بتوانن لەڕێگەی تێکدانی شەقامی عێراقیەوە جارێکی تر ئەمریکاناچاربکەنەوە هەیبەتێکیان بۆبگەڕێنێتەوە.

ئەگەر  عێراق ببێتە دەولەتێکی دیموکراسی زەنگێك بەر گوێی سونەکان دەکەوێت کەئیتر ناتوانن بێنەوە سەردەسەلات, بەدیموکراسی کردنی دەسەلاتی عێراق فڕێدانی سونەیە بۆدەرەوەی گرتنە دەستی دەسەلات, سونەکانیش دەزانن نابێت عێراق ببێتە حوکمێکی دیموکراسی چونکە ئەوان بەپێی ئەوڕێژەکەمەی بەرانبەر زۆرینەی شیعەو کورد کە ( هەرگیز کورد ناکەوێتە ناوچوارچێوەی سونەوە چونکە پێشتر ئەزمونێکی تالی هەبوە لەگەلیدا ) دەبێت سونە حەلێك بدۆزنەوە  بۆ گەڕانەوەی خۆی بۆ سەردەسەلات, ئەویش لەڕێگەی  فشارخستنە سەرحکومەتی نوێی عێراق و تێکدانی باری ئەمنی عێراقە تاوالەگۆڕەپانی عێراق دێت سیاسیەکانی ئەمریکا ناچار بن پرۆژەیەك بخەنە ناو عێراقەوە دەسەلات بداتەوە سونەکان, نمونەی ئەم پرۆژەناچارکەرانەی ئەمریکا ئەو پرۆژەیەی ئێستەی بیکەرە.

لەم حالەدا دەبێت ئێمە لەگەل ئەمریکادا بیربکەینەوە دژی ئەمریکا, دروست دەبێت ئەوەمان لەبیرنەچێت یەکەم سەرکەوتنی ئێمەی کورد ئەوەیە بەهیچ شێوەیەك نەبینە بەشێك لەو شەڕەی عێراق تێیدا دەژی, دووهەم بەپێی ئەوسەرمایەیەی لەم فەترە زەمەنیەدا دەستمان کەوتوەو بوەتە مالی خۆمان, کۆمپانیا زەبەلاحەکانی تورکیاو ئێران‌و سوریا میوانداری بکەین هەم بۆ ئاوەدان کردنەوەی شارەکانمان, هەم بۆ دروست کردنی زەمینەیەکی لەبار کەبەرژەوەندی ئەو سێ دەولەتەی دراوسێمانی تێدابێت.

هەمووما دەزانین لەهەرشوێنێك شەڕهەبو سەرمایەی کۆمپانیاکان لەوشوێنەدا نامێنێت, ڕاستە هەندێك لەکۆمپانیای چەك بەرژەوەنیدیان لەشەڕداهەیە, بۆئەوەی ئێمە پێویستمان بەو جۆرە کۆمپانیایانە نەبێت بابەرژەوەندی ئەو کۆمپانیایانە بنێرین بۆخواروی عێراق‌و ئێمە ببینە بەشێك لەبەرژەوەندیەکانی سەرمایەی تورکیاو ئێران‌و سوریا, لەبەرئەوەی هەموو کۆمپانیایەکی زەبەلاحی ئەم سێ دەولەتە بەشێکی زۆری سەرمایەکانی لەژێرسێبەری دەسەلات دارانداییە, کاتێکیش ئەم بەرژەوەندیەمان پاراست پالپشتێك بۆ بەردەوام بوونی خۆمان دروست دەکەین لەناوچەکەدا.

بەدیوێکی تردا ئەو گوتارەسیاسیەی ئەمڕۆ کورد کاری پێدەکات کەداوای دیموکراسی و فیدرالیەت دەکات بۆعێراق گوتارێکە نابێت لەئاستی ڕاگەیاندن‌و ڕۆژنامەوانی دابڕێت‌و بخرێتە چوارچێوەی ژورە داخراوەکانەوە, لەبەرئەوەی سیاسەتی ئەمڕۆی ئەمریکا سیاسەتی گوتاری ڕۆژنامەوانیەوە

لەپشت ڕۆژنامەكانەوە جۆرێكی تر مامەڵەدەكات لەگەڵ ڕوداوەكاندا كەزۆر جیاوازە لەگوتاری دەرخستن, بائەو گەمە گوتاریەی كەئەمریكا لەڕێگەی ڕۆژنامەكانەوە دەیگەیەنێـە ناو خەڵكی جیهان, ئێمەش وەك كورد هەمان گەمەبكەین‌و بتوانین بەشێكی زۆری گوتاری ڕۆژنامەوانی بخەینە ژێر هەیمەنەی دەنگەكانی كوردەوە.

دەتوانین لەیەك ڕۆژدا بەهەمان مۆدێلی گوتاری ئەمریكی لەچەندین شوێن بەچەندین شێوە مامەڵەبكەین لەتەن ڕوداوەكانی ناوعێراق و ئەو ڕوداوانەی ڕۆژنامەكان دەیانەوێت بیان گوازنەوە بۆناو ماڵی كورد بەهەمان گوتار فڕێیان بدەینەوە دەرەوەی ماڵی كورد,تابەرانبەرەكەمان بەهەمان گەمەوە ناچار دەبێت ئاراستەی گوتارەكانی بگۆڕێت.

ئەم گەمە ڕۆژنامەوانیانە والەئێمەی كورد دەكات لەتەك ئەمریكادا دژی ئەمریكا بیربكەینەوەو بەردەوام ئامادەیمان هەبێت لەگوتاری پێچەوانە, ببینە كارەكتەرێكی سەرەكی بەردەم چاوی بینەرو خوێنەری جیهان‌و لایەك لەو سیاسەتە لێبكەینەوە بۆكورد كەئەمڕۆئەمریكا دابەشی دەكات بەسەر زەمانی سەردەمدا كەزمانی ڕۆژنامەوانیە, لەلایەكی تریشەوە لەپشت گوتارەكانمانەوە دەكرێت جۆرێكی تربینیمان هەبێت بۆمامەڵەكردن لەتەك سیاسەتی ئەمڕۆی جیهاندا كەهەیمەنەكەی ئەمریكایە.

هەمیشە ڕوداو هەیە لەعێراقدا, باهەمیشە كوردیش قسەكەری زۆری هەبێت لەسەر خوێندنەوەی ڕوداوەكانی ناوعێراق, وەكێشەكانی عێراق تاكوئێستەش هەواڵی یەكەمی ڕۆژنامەكانەو زۆرترین پانتای لەناو كاری ڕۆژنامەوانی جیهاندا داگیركردوە, بۆئەوەی بەردەوام لەو هەواڵی یەكەمی ڕۆژنامەوانیانەدا ئامادەیمان هەبێت, دەبێت كارەكتەرە قسەزانەكانمان زۆربكەین‌و وابكەین بەردەوام ئامادەی كورد لەو هەواڵانەدا بوونی خۆی دەرخات, ڕاستە هەندێك جار ئەمریكا دەیەوێت عێراق بكاتە هەواڵی دووەم‌و ئاراستەی گوتارەكانی دەگۆڕێتە سەر ئێران‌و سوریا, بەلاَم هێندە حاڵی عێراق شڕە زەحمەتە بتوانێت ڕۆژنامەوانەكان ناچار بكات عێراق بكەنە هەواڵی دووهەم.

وەئەوە كامێرەو قەڵەمی ڕۆژنامەوانەكانە جیهان بچوك دەكاتەوە, وەهەر ئەوانیشن شەڕەكان گەورەتردەكەن, وەئەوانیشن ئیدی زلهێزەكان ناچاردەكەن بەسیاسەتی خۆیاندا بچنەوە, دەبێت ئێمە وەك كورد لەم ڕۆژەدا دۆستی ڕۆژنامەنووسان بین بۆئەوەی ببینە دۆستی جیهان‌و گوتاری سیاسی جیهان, تاكو وەك خۆمان بمان گوازنەوە بۆماڵی جیهان.

تێبینی: بۆئەو بەشەی سەرەوەی وتارەكەم سودم لە خوێندنەوەی ژیانی سەدام حسین وەرگرتوە, لەگەڵ ڕاپۆرتێكی( سی, ئای, ئەی )